www.kurdistannet.org
24/06/2002 01:23www.kurdistannet.org
24/06/2002 01:22

# بـرسێتی

کۆژان
b. shiruan@wandoo. nl

بـرسێتی
کـام مـرۆڤـیـه کـەم جـار
ڕوومەتی لە بوونـا هـەڵوەری
کـام خـەونی چـاو سـوورت
لە دڵی عـاشقـان بە تیغی بێ نـانی
سـەربڕی
پێم بڵێ :
لە کوێوە سـەر ئەکەیت؟
دیـاری خواوەنـدی یـا ئینسـان
لە کوێوە هـەڵ ئەکەیت؟
لە خواریـان لەژوور
نـزیکیت یـان دوور
هـەستەکەم لە دڵمـای
لە بـیرمـای لە چـاومـای لە سۆزمـای
نـزیکیت وەکو خوا
نـا نـا ئێسـتـاکە
تۆ خوایت و منیش بەنـدەی تۆ
ئێسـتـاکە وورگی نـاو دڵی منــداڵی هـەژاری
مەمکی بێ شـیرو چـرچۆبووی
سـەرسنگی ئـافـرەتی پێ پەتی ئەم شـارەی
لە کوێ دای ؟
لە قـاسـەی حـەوت قوفڵی ژووری سوڵتـانـای
لە دەرپێ ی ژنێکی چـاوقووڵی
ڕەنگ زەردی گـریـان و ئـازاردای
بـرسێتی
کەی دەڕۆی ؟
هـەواری ئەم خـاکە خوێنینـە
جێ دێڵی

کەلاری کۆن ٢٢ – ١١ – ١٩٩٢



www.kurdistannet.org